# شەونم

هۆنراوەی (47)

غلام نرگس مست تو تاجدارانند

غولامی دیدەی مەستت لە تاجدارانن
خوماری بادەی لێوت لە هۆشیارانن
وەکوو سەبا لە وەنەوشان گوزەرکە بی بینە
لە تاوی زولفی رەشت پاکی تازیەدارانن
لە تۆ نەسیم و لە من ئاوی چاوی بوونە فزوول
دەنا دوو عاشق و مەعشووقە رازدارانن
نە هەر منم کە لە بۆ رووی گوڵت غەزەلخوێنم
بوێژی تۆ لە هەموو لایەکی هەزارانن
لە ژێر دوو زولفەوە بڕوانەکاتێ رادەبری
دەبینی لای چەپ و راستت چ بێ قەرارانن
کلابە سۆفی بەهەشتی بەرین نەسیبی مەیە
کە پێ شیاوی کەرەم هەر گوناهکارانن
بڕۆرە مەیکەدە و بێرە دەر بە رووسووری
مەچۆرە سەومیعە بنکەی دژ و نەیارانن
ئەتۆ دەسم بەکەرەم بگرە خدری پێ پیرۆز
ئەمن پیادەم و هاوڕێ یەکان سوارانن
خودا لە زولفی بەتاوی رەها نەکا حافز
کە بەندیانی کەمەندت لە بەختیارانن

حافزی حەقیقی